# أثر استراتيجية (T.T.W) في تحصيل مادة اللغة و الادب الكردية عند طلاب الصف السابع الأساسي و تطوير تفكيرهم الإبداعي

**كاروان عبدالله كسره الشيخاني**
Karvan.Kasre2306m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**أ.م.د. صباح جليل خليل**
**جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية**

**الملخص**

هدف البحث الحالي الى التعرف على أثر استراتيجية (T.T.W) في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية عند طلاب الصف السابع الأساسي و تنمية تفكيرهم الإبداعي، ولتحقيق هدف البحث اعتمد الباحث تصميماً تجريبياً ذا ضبط جزئي، لكونه يتلاءم واجراءات البحث، واختار عن قصد (متوسطة بانەروز)للبنين التابعة لمديرية تربية كركوك الدراسة الكردية، وبطريقة السحب العشوائي اختيرت شعبة (و) لتمثل المجموعة التجريبية الذين درسوا على وفق استراتيجية (T.T.W)وشعبة (ج) لتمثل المجموعة الضابطة الذين درسوا على وفق الطريقة الاعتيادية، بلغ عدد طلاب الشعبتين (٦٠) طالباً، بواقع (٣٠) طالباً في شعبة (و) وهي المجموعة التجريبية، و (٣٠) طالباً في شعبة (ج) وهي المجموعة الضابطة، و طبق الباحث المادة الدراسية للتجربة موحدة لمجموعتي البحث المقرر تدريسها وكانت (١١) موضوعاً في مادة قواعد اللغة الكردية للعام الدراسي (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥)، صاغ الباحث ( ٥٥ ) هدفا سلوكيا، ضمن تصنيف بلوم للمجال المعرفي في مستوياته الستة (معرفة، فهم، تطبيق، تركيب، تحليل، تقويم)، تألف الاختبار من (٣٠) فقرة من نوع الاختبارات الموضوعية، وقد اشتمل السؤال الاول على(١٤) فقرة من نوع الاختيار من متعدد، فيما اشتمل السؤال الثاني على (١٠) فقرات من نوع (الصح والخطأ) بينما اشتمل السؤال الثالث على(٦) فقرات من نوع الاجابة القصيرة، استعمل الباحث الوسائل الإحصائية المناسبة في إجراءات ونتائج بحثه وكالآتي: الاختبار التائي (T-test) لعينتين مستقلتين واختبار (كا)$^2$، معادلة معامل الصعوبة، معادلة فعالية البدائل الخاطئة، معادلة قوة تمييز الفقرات، معادلة سبيرمان براون، معادلة ارتباط بيرسون.

**الكلمات المفتاحية: أثر استراتيجية (T.T.W)، في مادة اللغة و الادب الكردية، تطوير تفكيرهم الإبداعي.**

## The Effect of the (T.T.W) Strategy on the Achievement of the Kurdish Language and Literature Subject among Seventh-grade Students and the Development of their Creative Thinking

**Karwan Abdullah Kasra**

**Prof. Dr. Sabah Jaleel Khaleel**

**University of Baghdad/ College of Education Ibn Rushd for Human Sciences**

## Abstract

The aim of the current research is to identify the effect of the (T.T.W) strategy on the achievement of the Kurdish grammar subject among seventh-grade students and the development of their creative thinking.

To achieve the research objective، the researcher adopted an experimental design with partial control، as it is compatible with the research procedures، and intentionally chose (Banarooz Intermediate School) for boys affiliated with the Kirkuk Education Directorate for Kurdish studies، and by random drawing method، Section (F) was chosen to represent the experimental group who studied according to the (T.T.W) strategy، and Section (C) was chosen to represent the control group who studied according to the usual method، in Section (F)، which is the experimental group، and 30 students in Section (C)، which is the control group. The researcher applied the study material for the experiment unified for the two research groups scheduled to be taught، and it was 11 topics in the Kurdish grammar subject for the academic year (2024-2025). The researcher formulated 55 behavioral objectives، within Bloom's classification of the cognitive domain at its six levels (knowledge، understanding، application، synthesis، analysis، evaluation). The test consisted of 30 items of the objective test type، and the first question included 14 multiple-choice items، while the second question included 10 items of the (true or false) type، while the third question included 6 items of the short answer type، The researcher used appropriate statistical methods in the procedures and results of his research as follows: T-test for two independent samples and (Chi) 2 test، difficulty coefficient equation، equation of effectiveness of incorrect

alternatives، equation of discrimination power of items، Spearman-Brown equation، Pearson correlation equation.

## ناونیشانی توێژینەوەکە

## کاریگەریی ستراتیژییەتی (T.T.W) لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەلای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیاندا

**کاروان عەبدوڵا کەسرە شێخانی**

**پ.ی.د.سەباح جەلیل خەلیل**

زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان

**یەکەم:کێشەی توێژینەوەکە:**

وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن وشک و قورسە بە گشتی، لە بازنەی سێیەمی خوێندنیش بە تایبەتی، بۆیە پێویستی بە مامۆستای پسپۆڕ و بەتوانا و چالاک و ڕووخۆش و نوێگەر هەیە. (صالح، ٢٠١٨،ل.٧٢) .

یەکێك لە ئامانجەکانی فراوانترین لێکۆڵینەوەکانی جیهان لە بواری پەروەردە و فێرکردن، کە بە وردی خوێندنەوەی بۆ سیستەمی پەروەردەی زۆر لە وڵاتانی جیهانی کردووە دەڵێت: "کوالێتی هیچ سیستمێکی پەروەردە و فێرکردن لە هیچ وڵاتێك لە کوالێتی مامۆستاکانی باشتر نابێت" و "تەنها چارەسەر بۆ باشترکردنی ئەنجامەکانی خوێندن، باشترکردنی میتۆدی وانەوتنەوەیە". بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت و شەڕی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی، نەتوانراوە ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگییەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن بە پێی پێویست بێت. ( وەزارەتی پەروەرە، ٢٠٢٣،ل.٤-٥).

توێژەر لە میانەی کارکردنی وەك مامۆستا لە نێو سیستەمی پەروەردەدا هەستی کرد کە زۆربەی مامۆستایان لە وانەکانیاندا قوتابی تەوەری سەرەکی نییە، بەڵکو قوتابی تەنها گوێگرە و مامۆستا گرنگی نادات بە بیری قوتابیان و گفتوگۆی پێکەوەیی و کاری بە کۆمەڵ لە نێو خۆیاندا، دەبێت مامۆستا ڕێگایەکی گونجاو هەڵبژێرێت کە بگونجێ لەگەڵ ئاستی قوتابی و قۆناغی خوێندن و لە ئاستی ڕێگا و ستراتیجییە نوێیەکانی وانەوتنەوە بێت بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی کارای هەبێت لەسەر تێگەشتنی قوتابی و گەیشتن بە ئامانجانە پەروەردەی و رەفتارییەکان، توێژەر ستراتیژییەتی (T.T.W)ی هەڵبژارد بە شیوەیەک کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارانە دەردەکەوێت:

**ئایا ستراتیژییەتی (T.T.W) کاریگەریی هەیە لەسەر دەستکەوتی ڕێزمانی کوردیی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی؟**

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**

لەسەر ئاستی جیهانی، ئارەزووی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە بۆ پەروەردەکردنی سەرجەم قوتابیان لە ئاستە جیاوازەکان و چالاکییە پەروەردەییەکان زیادی کردووە، ڕەوتی مۆدێرن لە بواری پەروەردەدا پێشنیاری گرنگیدان بە بەکارهێنانی ستراتیژی وانەوتنەوە دەکات کە لە ڕووی زانستییەوە سەلمێنراون کە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە، چونکە کاریگەرییەکی زانستی سەلمێنراوی لەسەر پرۆسەی فێربوونی قوتابیان و دەستکەوتی ئەکادیمی هەیە.(الشمری،٢٠١٩،ل. ١٥).

هەرچەندە زۆر ڕێگا هەن بۆ گوتنەوەی وانەی ڕێزمان، کە پێویستە مامۆستا شارەزایی لەو ڕێگایانە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت قوتابییان بە ئاسانی بە بابەتی ڕێزمانەکە ئاشنا بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەك هەیە و دەبێت هەموان باش بزانن ئەویش ئەوەیە کە هیچ ڕێگاو شێوازێکی وانەوتنەوە بە تەواوی باش یان خراپ نییە بەڵکو هەر یەکەیان باش و خراپی خۆی هەیە، واتا دەبێت مامۆستا ئاگاداری بابەت و قۆناغ و کاتی وانەوتنەوەکە بێت و ئاستی قوتابیان بزانێت تاکو بتوانێت بە ڕێگەیەك وانە بڵێتەوە، کە قوتابییان لە کاتی باسکردنی بایەتەکە بە ئاسانی لە مامۆستاکە تێبگەن. (ڕەسول و محەمەدئەمین، ٢٠١٦ )

خوێندنی ڕێزمان زۆرگرنگە لە بازنەی سێیەمی خوێندندا چونکە دەبێتە بە دیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی زمانی، قوتابی لە قۆناخی بنەڕەتی بەتایبەت بازنەی سێیەم واپەروەردە دەبێت ئەو توانستەی لا فەراهەم دەبێت کە بتوانێت بە شێوەیەکی یاسایی بە زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە و بنوسێتەوە، بە شیوەکی سادە و ساکار بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێت. (صالح، ٢٠١٨،ل.٧٧)

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە :**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی :

ئ – کاریگەری ستراتیژییەتی (T.T.W) لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی .

ب – کاریگەری ستراتیژییەتی (T.T.W) لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی.

**چوارەم : گریمانەکانی توێژینەوەکە :**

١. گریمانەی سفری : جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندەژمیری نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونی کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیان بە پێی ستراتیژییەتی (T.T.W) دەخوێنن و جیاوازی ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا.

٢. گریمانەی سفری : جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزمونی کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیان بە پێی

ستراتیژییەتی (T.T.W) دەخوێنن و جیاوازی ناوەندەژمێری نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا.

**پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە:**

توێژەر توێژینەوەکەی سنوردارکرد بەم شێوەیەیی خوارەوە :

١. سنووری مرۆیی : توێژینەوەکە کورتکراوە بە ئەنجامدانی لەسەر ( قوتابییانی کوڕی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ناوەندی بانەڕۆژی کوڕان لە ناوەندی پارێگای کەرکوك.

٢. سنووری شوێنی: ناوەندی بانەڕۆژی کوڕان لە گەڕەکی ڕزگاری لە ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

٣. سنووری کاتی : وەرزی یەکەمی ساڵی خویندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

٤. سنووری بابەتی : یازدە بابەت لە بەشی ڕێزمان لە پەرتوکی ( زمان و ئەدەبی کوردی) لەخۆ دەگرێت، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حوکمەتی هەرێمی کوردستانی عێراق – فیدراڵ بڕیاری لەسەردراوە لە ساڵی (٢٠٢٢)، چاپی چواردەیەم.

**شەشەم: پێناسەکردنی زاراوەکان**

**یەکەم : کاریگەر – کاریگەری:**

**مایخان (٢٠٢٠) :**

"ئەنجامێکە کە چاوەڕوان دەکرێت ئاستی دەستکەوت و زیرەکی قوتابیانی دەربخات لە کۆمەڵەی ئەزموونیدا دوای بەکارهێنای ستراتیژی پێشنیازکراو لە وانەوتنەوەدا.(ل.٥٠).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ کاریگەری:**

"مەبەست لە کاریگەری، کاریگەری ئەو ستراتیژییە یان ئەو ڕێگایەیە کە مامۆستا دەیگرێتەبەر و لە گۆڕاوەکانی پاشکۆ ئەنجامەکەی دەردەکەوێت".

**دووەم: ستراتییژی:**

**نازو( ٢٠١٩) :**

"ستراتیژی بریتییە لە پلانێک کە پێکهاتووە لە چەند هەنگاوێک، بە تێکەڵکردنی چەند شێواز و ڕێگایەک، بۆ کەمکردنەوەی بەربەست و ئاستەنگەکان و بە مەبەستی بەستنەوەی دیدگاکان، و بۆ گەیشتن بە ئامانج بە کەمترین هەوڵ و کات"(ل.٣٧٨).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژییەت:**

"ستراتیژی ئەو کۆمەڵە هەنگاوەیە کە کەسی بەکارهێنەری ستراتیژێتیەکە دەیگرێتبەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك و سود وەرگرتن لە ئەنجامەکەی، بەبەکارهێنانی سەرجەم پێداویستێکانی بوارەکە و گرنگیدان بەهەموو لایەنەکانی".

**سێیەم : ستراتیژیەتی(T.T.W) :**

**عناياتي (٢٠١٢)**

(yatim،2008، کە ئاماژەی پێکراوە لە عنایاتی،٢٠١٢)لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن و نوسین دامەزراوە، ئەم ڕێگایە سەرەتا بە بەشداری قوتابییان لە بیرکردنەوە و گفتوگرکردنی بابەتەکە لەگەڵ خودی خۆیان دەستپێدەکات پاش خوێندنەوەی بابەتەکە، پاشان گفتوگۆکردن و گۆڕینەوەی ڕاوبۆچون و بیرۆکەکانیان لەگەڵ هاوڕێکانیان، پێش ئەوەی لە شێوەی نوسیندا گوزارشتی لێبکەن.(ل.٣٢).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژییەتی (T.T.W):**

"ستراتیژییەتی (T.T.W) ئەو ستراتیژێتەیە کە لە بیرکردنەوەی خودی و پاشان گفتوگۆی ئەندامانی گروپدا پێکهاتووە پاش ئەوەی مامۆستا کێشەیەك دەخاتە ڕوو، لە هەنگاوی کۆتادا وەڵامی دروستی کێشەکە دەنووسنەوە لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی گروپەوە بە ڕاوێژی هەموان".

**چوارەم: چوارەم :دەستکەوت**

**محمد (٢٠١٨)**

"دەستکەوت :ئەو نمرانەیە کە قوتابیانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە، دوای خوێندنی ئەو مادده زانستیانەی کە لە توێژینەوەکەدا دیاریکراون بەپێی ستراتیژییەکە"( ل.٣٢)

**پێناسەی ڕیکاری بۆ دەستکەوت :**

"بریتییە لە ڕادەی وەرگرتنی زانیاری قوتابی لەوەی فێری دەبێت لە شارەزایی و بابەتێکی دیاریکراو، بە نمرە پێوانە دەکرێت لە ڕێگای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنەوە دیاری دەکرێت ".

**پێنجەم : ڕێزمانی کوردی:**

"کۆمەڵێك بابەتی ڕێزمانی کوردییە کە لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە دایڕشتووە، لە پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردی دەخوێندرێت"

**شەشەم : بیرکردنەوەی داهێنەرانە:**

**السميري ( ٢٠٠٦)**

**احمد (٢٠٢٠)**

"چالاکیەکی دەروونییە بریتییە لە بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی بیرۆکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی هەبوو، لە کاتێدا ئەم بیرۆکانە بە ڕەوانی و نەرمی و ڕەسەنایەتی و توانای هەستکردن بە کێشە و وردەکارییەکان دەپێورێت"(ل.١٤٢).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە:**

توێژەر پێی وایە بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئەو توانا هزرییە کە قوتابی هەیەتی لە ئەنجامدان و شیکارکردن و چالاکی کە بەهۆی کێشەیەک کە خرابیتە بەردەستی، چارەسەرو بە ئەنجامگەیاندنی ئەو کێشەیە بە ڕیگایەکی نوێی داهێنەرانە و تەندروست بۆ فێربوون و سوود لێبینین.

**بەشی دووەم : تەوەری یەکەم چوارچێوەی تیۆری.**

**یەکەم :لایەنی تیۆری**

**تیۆری بونیادگەری**

وشەی (structure) لەگەڵ ئەو وشانەی تردا کە پەیوەندی پێوە هەیە، وشەیەکی بنەڕەتییە لە بیری نوێدا، وشەیەکی ئالۆزیشە بە تایبەت لە زۆربەی پەرەسەندنە نوێیەکاندا، لە فەڕەنسیدا (structure) و لە لاتینیدا (structura)ە، بە شیوەیەکی بونیاد لە بەکارهێنانە سەرەتایەکاندا ناوی کردارێک بووە، ئەویش کاری بونیادزان بووە، واتاکەی بە شێوەکی بەرچاو پەرەی سەند (ولیماز،٢٠٠٥،ل.٣٧٩)

تیۆری بونیادگەرایی، بە هەموو مۆدێلەکانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی بیری بونیادگەرایی، کە لە دەوری ڕێبازێکی فیکریدا دەسوڕایەوە کە مامەڵە لەگەڵ پێکهاتنی زانیاری دەکات و تەکنیکی و تەکنەلۆژیا تێکەڵ دەکات، پەروەردە بە یەکێک لەو بوارانە دادەنرێت کە زۆرترین کاریگەری فەلسەفەی بونیادگەرایی لەسەرە بە ڕەوتە مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە، بەو پێیەی قوتابی وەک کەسێکی چالاک سەیر دەکات کە لە ڕێگەی کارلێککردنی لەگەڵ زانیاری و ئەزموونی کەسانی دیکەدا زانیاری خۆی بنیات دەنێت، نەک لە ڕێگەی دروس

**دووەم: ستراتیژیەتی (T.T.W):**

یەکەم جار ئەم ستراتیژیە لەلایەن (Huinker and Laughlin)خرایە ڕوو لە ساڵی( ١٩٩٦)، لەسەر ئەو تێگەیشتنە دامەزراوە کە فێربوون بریتییە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. (Huda،2014،p.218)

ستراتیژییەتی (**T.T.W**) یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربوونی هەرەوەزی، بەو پێیەی ئەم ستراتیژییەتە لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن و نووسین دامەزراوە و لە بەشداریکردنی قوتابی لە بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن و نووسین لەگەڵ خۆیان دەست پێدەکات لەپاش خوێندنەوەی بابەتەکە لەگەڵ هاوپۆلەکانیان قسە دەکەن و بیروڕای خۆیان دەڵێن لە کاتی وانەکەدا، هەروەها ستراتیژییەتی (بیربکەوە– گفتوگۆبکە – بنووسە) لە سێ قۆناغ پێکهاتووە، قۆناغی یەکەم قۆناغی فێربوونە و لەم قۆناغەدا دەرفەتی دەستپێکردنی فێربوون و تێگەیشتنە لە کێشەکان و قۆناغی دووەم قۆناغی گفتوگۆی چالاکە لەنێوان گروپەکەدا، لە کاتێکدا دوایین قۆناغ قۆناغی نووسینی

ئەنجامەکانی فێربوونە کە قوتابییان لە کاتی فێربوونیاندا بەدەستی دەهێنن، و ئەم ستراتیژییەتە هەوڵی بنیاتنان و ڕێکخستنی ئەو بیرۆکانەیە ڕەنگیداوەتەوە لە میانەی هەنگاوەکان، وهەڵبژاردنی بیرۆکە درووستەکانە پێش نووسینیان، ودواتر ڕاپۆرتێک لەسەر ئەنجامی گفتوگۆکە پێشکەش دەکرێت دوای ڕێکخستنی سەرجەم بیرۆکەکان لەگەڵ هاوڕێ قوتابییەکانیان. (کاملة، ٢٠١٩،ل.١٧).

**هەنگاوەکانی ستراتیژیەتی (T.T.W):**

١. **بیرکردنەوە:** لەم قۆناغەدا قوتابیان دەست دەکەن بە بیرکردنەوە لە بابەتەکانی وانەکەکە یان ئەو کێشانەی کە مامۆستا پێشکەشی دەکات ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هاندانی هزریان بۆ بیرکردنەوەی چالاکانە و تێگەیشتن لەو کێشانەی کە خراوەتەڕوو، هەروەها شیکردنەوەی کێشەکە بە دەستنیشانکردنی ئەو داتایانەی کە پێویستن بۆ ئەوەی ببێتە چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە کە لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێدا دەری دەبڕێت.

٢. **گفتوگۆ:** دوای ئەوەی قوتابییان تێڕوانینێکی گشتیان بۆ درووست دەبێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، قۆناغی دووەم گفتوگۆ و قسەکردنە لەناو گروپەکان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ هاوڕێکانی ناو هەمان گروپ، و دەربڕینی بیروڕاکانیانە لەناو هەمان گروپ وچاوەڕوان دەکرێت دەربڕینی بیروڕاکانیان هانی ئەو قوتابییانە بدات کە توانای قسەکردن یان دەربڕینی بیروڕایان نییە، بۆ ئەوەی زیاتر بوێرتربن و متمانەیان بەخۆیان هەبێت.

٣. **نووسین:** لەم قۆناغەدا قوتابییان هەڵدەسن بەنوسینەوە یان پێشکەشکردنی ئەنجامی گفتوگۆکانیان لەگەڵ هاوڕێکانیان لە ناو گروپەکانیان بەبەکارهێنانی زمانی خۆیان و لێرەدا دەبێت قوتابییان خۆیان هەڵبژاردن بکەن لە دیاریکردنی بیرۆکەکان یان گونجاوترین چارەسەر بۆ ئەوەی لە تێنووسی تێبینەکانی تایبەت بەگروپەکە بنووسرێت (Khairan،2020،.p. 16).

**لایەنەباشەکانی ستراتیژی (T.T.W):**

١. دەتوانێت پەرە بە تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانەی قوتابی بدات

٢. بە کارلێککردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ گروپەکە قوتابیان چالاکانە بەشداری فێربوون دەکەن.

٣. ڕێگەدان بە قوتابیان بۆ بیرکردنەوە و پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیان و مامۆستایان و تەنانەت لەگەڵ خۆیاندا. Hamdayama،2014،(p.222)

٤. قوتابیان ڕاستەوخۆ بەشداری پرۆسەی فێربوون دەکەن کە بەم شێوەیە پاڵنەریان بۆ فێربوون زیاتر دەبێت.

٥. لەم ستراتیژیەدا قوتابی دەبێتە سەنتەری فێربوون. subkhan ،2013،(p.5).

٦. پەرەپێدانی چارەسەرە کاریگەرێکانە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکانی خوێندن.

٧. ئاسانکاری دەکات بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی بیرۆکەکانیان بەنوسین و گفتوگۆ دەربېرن.(فربولیاتي،٢٠٢٠،ل.١١).

**لایەن خراپەکانی ستراتیژیەتی (T.T.W):**

١. ڕێکخستنی گروپەکان کاتی زۆری دەوێت لە کاتی چالاکیکان و گفتوگۆکاندا، هەندێ جار ئاڵوگۆری تاکەکانی گروپ دەبیتە هۆی ژاوەژاو و بەهەدەردانی کات(Yuliani، 2016:13)

٢. کاتێک قوتابیان بە گروپ گفتوگۆ دەکەن، پێدەچێ هەندێک قوتابی توانا و متمانەی خۆیان لەدەست بدەن، چونکە قوتابییە ئاست بەرزەکان زاڵدەبن بەسەریاندا.

٣. مامۆستا دەبێت بەبەردەوامی بە وریاییەوە هەموو ئامرازەکان ئامادە بکات بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک لە جێبەجێکردنی ستراتیژەکەدا نەبێت.(لطیفة،٢٠٢٢،ل.٤٣).

٤. هەڵسەنگاندنی تاکەکەسی قورس دەبێت، ئەگەر مامۆستا کەمێک کەمتر چاودێری گروپەکان بکات.

٥. پێویستە مامۆستا هەموو هۆیەکانی فێربوون ئامادە بکات بۆ ئەوەی قوتابیان بەزەحمەت ئەم ستراتیژە جێبەجێ نەکەن.

٦. لەگەڵ ئازادی فێربووندایە، ئەگەر ئازادییەکە گونجاو نەبێت، ئامانجەکانی پەروەردە ناتوانرێت بەدی بهێنرێت.(کاملة،٢٠١٩،ل. ١٤).

**رای توێژەر لەسەر لایەنەخراپەکانی بەم شیوەیەیە:**

١. لەگەڵ ژمارەی زۆری قوتابی لە پۆلێکدا ناگونجێت .

٢. مامۆستای لێهاتوو کارامەیی دەوێت کە بتوانێت بابەتەکە و پۆلەکە کۆنترۆڵ بکات.

**ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژیەتی (T.T.W):**

١. پیدانی پرسیار و ئەرک بە قوتابیان تاکو بەشداربن لە فێربوون و بیرکردنەوەدا .

٢. بەشێوەکی تەواو بە قوولی گوێ لە بۆچوونی قوتابیان دەگرێت.

٣. داوا لە قوتابیان دەکات بیرۆکەکانی خۆیان بە شێوەی زارەکی و نووسراو دەربڕن.

٤. بڕیار دەدات چ کاتێک زانیاری بدات و کێشەکان ڕوون بکاتەوە و ڕێگا بەکاربهێنێت، وە سەرپەرشتی قوتابی دەکات لەکاتی بابەتی گران و لێتێنەگەشتنی.

٥. چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەشداریکردنی قوتابیان لە گفتوگۆکاندا. (لطفیة،٢٠١٢،ل. ٣٥)

**چوارەم: ڕێزمان :**

**ڕێزمانی کوردی:**

ڕێزمانی کوردی ڕێزمانی زمانیکی سەربەخۆیە و زار و شیوەزاری هیچ لق و زمانیکیتر نییە و لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەواو سەربەخۆیە و یاسا و دەستوری تایبەت بەخۆی هەیە، ڕێزمانی کوردی لە

ڕووی جیاوازی ڕێزمانیشەوە، زمانیکی سەربەخۆیە و لە زمانەکانی تری کۆمەڵەی ئاری جیادەبێتەوە.(شوانی،٢٠٠٨،ل. ٤٠-٤٤)

ئەو ئامانجەی وەزارەتی پەروەردە کە ڕێزمان دەخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەڵبەت دەبێت ئامانجیکی لە پشتەوە بێت، لە عێراق و بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان هەر لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتییەوە کە تا قۆناخی دوانزە ڕێزمان وەک بابەتێکی سەرەکی لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی دەخوێنرێت، ئەم پرۆسەیە بۆ قوتابیانی بیانیش بابەتێکی گرنگە چونکە لە پرۆسەی فێربوونی زمانی کوردیدا سەرەتا بە هەنگاوێک دەست پێدەکات لە دوای فێربوونی دەنگ و پیتەکان بە جۆریک سادەترین نموونەی وشە بە ناو و ناوی خودی قوتابی و کەرەستە مادی و فزیکەکانی ژینگەی نزیک لە خۆیان دەهینێتەوە، ڕێزمان بە شیوەکی بەرچاو لە بازنەی قۆناغی بنەڕەتی کاری لەسەرکراوە بە تایبەت بازنەی سێیەمی خوێندن، لە پێناو ئامانجیکی دیاریکراوە.(کریم،٢٠١٨،ل.٣٧٠)

**تەوەری دووەم : لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

**ئەو لێکۆڵینەوانەی ستراتیژییەتی (T.T.W) وەرگرتووە:**

**خشتەی (١)خستنەڕووی ئەو لێکۆڵینەوانەی ستراتیژییەتی (T.T.W) وەرگرتووە**

| | |
|---|---|
| یەکەم | |
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری ستراتیژییەتی (T.T.W) لەسەر دەستکەوت و ئارەزووی مێژوویی لای قوتابییانی پۆلی دووەمی ناوەندی لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان. |
| ناوی توێژەر/ ساڵ/ شوێن | صفا نصر جواد المعموري/٢٠٢٤/ عێراق- کەربەلا- |
| قۆناغ | دواناوەندی ئازادی کچان |
| ئامانجی توێژینەوە | زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی (T.T.W) لەسەر دەستکەوت و ئارەزووی مێژوویی لای قوتابییانی پۆلی دووەمی ناوەندی لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان. |
| نمونەی توێژینەوە | ٥٩ قوتابی (مێ ) |
| ئامرازی توێژینەوە | دەستکەوت، حب الاستطلاع |
| ئامرازەکانی ئامادەکردن | Spss |
| ئەنجامەکان | لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی کارا و باش کۆمەڵەی ئەزمونی سەرکەوت بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (T.T.W) |
| دووەم | |
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری ڕیگای بیرکردنەوە – گفتوگۆکردن – نوسین (TTW/Think-Talk-Write) لە باشترکردنی کارامەیەکانی زمان. |
| ناوی توێژەر/ ساڵ/ شوێن | لطفیة عنایاتی / ٢٠١٢ / کۆماری ئەندەنۆسیا |
| قۆناغ | خوێندکارانی زانکۆی مولانا مالک ابراهیم الإسلامیة الحکومیة مالانج |
| ئامانجی توێژینەوە | زانینی کاریگەری ڕیگای بیرکردنەوە – گفتوگۆکردن – نوسین (TTW/Think-Talk-Write) لە باشترکردنی کارامەیەکانی زمان. |

| | |
|---|---|
| قەبارە و ڕەگەزی نمونەکە | ٢٩ قوتابی لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ ) |
| ئامرازی توێژینەوە | تێبینی – چاوپێکەوتن – ڕاپرسی – تاقیکردنەوە |
| ئامرازە ئامارییەکان | تاقیکردنە وەی تائی ( تی ئێست) |
| ئەنجامەکان | لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەردەکەوێتووە کە بە کارهێنانی ئەم ستراتیژییە کارامەییەکانی زمانی باشتکردووە و کۆمەڵەی ئەزمونی سەرکەوتووە بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، بەکەش گریمانەی سفری لێکۆڵینەوەکە ڕەتدەکریتەوە. |
| سێیەم | |
| ناونیشانی توێژینەوە | کارایی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (بیرکردنەوە، گفتوگۆکردن نوسین)(T.T.W) لە دارشتن لە قوتابخانەی ناوەندی الحميدية الإسلامية دیبوك |
| ناوی توێژەر / ساڵ/ شوێن | مصطفية كاملة / ٢٠١٩/ ئەندەنوسیا |
| قۆناغ | ناوەندی الحميدية الإسلامية ديبوك |
| ئامانجی توێژینەوە | زانینی باشترکردنی توانایە لە دوای جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی T.T.W لە دارشتندا |
| قەبارە و ڕەگەزی نمونەیەکە | ٦٠ قوتابی کوڕ |
| ئامرازی توێژینەوە | تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی . |
| ئامرازەکانی ئامادەکردن | جانتای SPSS |
| ئەنجامەکان | نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەرزترە لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە بەکاهێنانی ستراتیژییەکە بە شێوەکی کارا، کە وای کردووە قوتابی توانای باشتربێت لە بابەتی دارشتن |
| چوارەم | |
| ناونیشانی توێژینەوە | جێبەجێکردنی مۆدێلی فێربوونی TTW (بیربکەرەوە–قسەکردن–نووسین) بە بەکارهێنانی لاپەڕەی کاری مەتەڵی وێنە بۆ باشترکردنی تواناکانی تێگەیشتنی چەمک لاي قوتابیان |
| ناوی توێژەر / ساڵ/ شوێن | Sari &Wilujeg – 2020 – ئەندەنۆسیا |
| قۆناخ | قوتابخانەی برامبادانی ناوەندی |
| ئامانجی توێژینەوە | زانینی ئەنجامی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی t.t.w بۆ زیاتر تێگەشتن لە چەمکەکان. |
| قەبارە و ڕەگەزی نمونەیەکە | ٤٥ قوتابی کچ |
| ئامرازی توێژینەوە | تاقیکردنەوەی پێشەکی تاقیکردنەوەی پاشەکی |
| ئامرازەکانی ئامادەکردن | Wilcoxon– spss |
| ئەنجامەکان | بەکارهێنانی مۆدێلی – ستراتیژییەتی t.t.w بە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی دەردەکەوێت کە توانای قوتابی زیاتر بووە لە تێگەشتن لە چەمکەکان، بەپێی تاقیکردنەوەی پاشەکی و بەهای ناوەندژمێری زیادی کردووە. |

**بەشی سێیەم :میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆد ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە گرفتی بابەتی توێژینەوە دەیورژێنێت، ئەو کاتەی توێژەر ڕووبەڕوی پرسیارێک دەبێتەوە دەست دەکات بە بیرکرنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، لە ڕیگەی تێبینیکردن و ئەزمونکردن دەست پێدەکرێت و کەرەستەکانی توێژینەوە بەکاردەهێنرێت،میتۆد بە مانای ئەو شێواز و دەرواوانە دێت کە توێژەر لەسەرجەم داتا پێویستێکانی بەکاریان دەهێنێت دواتر بە هۆیانەوە دەگاتە دەرئەنجام.(ئەبراش،٢٠١٢،ل.١٠٠-١٠١).

**دووەم : دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە:**

"بریتییە لەو نەخشەو پلانەی کە توێژەر لە ئەزموونەکەیدا جێبەجیی دەکات، سروشتی هەر دیاردە و ئامانجی توێژەر و ژمارەی سامپڵ و هەلومەرجی هەڵبژاردنی بڕیار بەسەر جۆری ئەو دیزاینە دەدەن کە بۆ توێژیەنەوەکە گونجاوە و ئامانجی توێژینەوەکە بە دەست دێنێت"(بۆکانی، ٢٠٢٠،ل ١٠٣).ئەم جۆر دیزاینە پشت دەبەستێت بە زانیاری بەڵگە نامەیی و باوەڕپێکراو کە کۆکراوەتەوە بە سەرنجدان و چاودێری کردنی ڕاستییەکان، یاخود دەستکەتوون لە ڕێگەی ئەزمون و تاقیکردنەوە. ( بەرزنجی، ٢٠٢٢،ل. ٣٤).

| کۆمەڵەی توێژینەوەکە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی بشتبەست | ئامرازی تاقیکرنەوە |
|---|---|---|---|
| کۆمەڵەی ئەزموونی | ستراتیژیەتی T.T.W | دەستکەوت و بیرکردنەوەی داهێنەرانە | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە |
| کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | | |

**شێوەی ( ١ )دزاینی ئەزموونی توێژنەوەکە**

**سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و نموونەی توێژینەوەکە**

**١- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

"بریتییە لە سەرجەم ئەوتاکانەی لە خەسڵەتکی تێبینیکراودا هاوبەشن وەکو( مرۆڤ، دامەزراوەکان، پرۆگرام، ... هتد )" (محمد، ٢٠٢٠،ل. ٣٦)

کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێستا قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی کوڕانە لەناوەندی پارێزگای کەرکوک بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک / بەشی خوێندنی کوردی بۆ ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٥.

**٢- نموونەی توێژینەوەکە:**

"برتییە لە بەشێک لەو کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگاکەی دەکات"( محمد، ٢٠٢٠،ل.٣٧).

دوای ئەوەی توێژەر ژمارە و شوێنی قوتابەخانەکانی دیاریکرد، قوتابخانەی (بانەڕۆژی کوڕانی ) بە مەبەست هەڵبژارد.

**چوارەم : هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە:**

**١- تەمەنی قوتابیان بە مانگ هەژمارکراو :**

پاش ئەوەی ڕێکەوتی لە دایکبوونی هەر تاکێکی دوو گروپەکە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ قوتابیان وەرگیرا پاشکۆی ژمارە (٧)، تەمەنی هەر تاکێک بە مانک تاکو ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٠/٩)، کە ڕۆژی دەسپێکردنی ئەزمونەکەیە وەک پاشکۆی (٨)، پاشان بۆ زانینی جیاوازی نێوان هەردووگروپ بە گشتی، ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ هەرگروپێک ئەژمارکراو بە بەکار هێنانی هاوکێشەی (t-Test) بەهای (ت) دۆزرایەوە، کە بریتی بوولە (٢١٠،١)، کە کەمترە لە بەهای خشتەیی کە (٢،٠٠) بە نمرەی ئازادی (٥٨) و لە ئاستی (٠،٠٥)واتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپەکە بە شێوەکی گشتی لەم گۆڕاوەدا، واتا هاوتان لەم ڕووەوە وەک خشتەی(٤) خراونەتە ڕوو.

**خشتەی ( ٤ )ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ تەمەنی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە کە هەژمارکراوە بە مانگ**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (t-test) | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاست (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٨٠،١٥١ | ٨٥،٤ | ٢١٠،١ | ٢.٠٠ | ٥٨ | بەبێ بەڵگەی ئامارییە |

ناوەندی تەمەنی قوتابییان لە کۆمەڵەی ئەموونی گەیشتووە بە (٨٠،١٥١ ) مانگ، بە لادانی پێوەری (٨٥،٤ ) ناوەندی تەمەنی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کراو گەیشتووە بە (١٦،١٥٠) مانگ، بە لادانی پێوەری (٥٧،٥ ) .

**٢- گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای قوتابیان:**

ئەو ئامرازەی کە توێژەر ئامادەی کرد بۆ دەستنیشانکردنی بیرکرنەوەی داهێنەرانەی قوتابی بەسەر هەردوو گروپی ئەزمونکرا و کۆنترۆڵکراو جێبەجێکرد لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٠/٢٢)، واتا وەکو تاقیکردنەوەی پێشەکی و دەرهێنانی ئامانجەکان پشت بەست بە پێدانی نمرە بۆ هەریەکێک لە ئاستەکانی ڕەهەندی وەڵامدانەوەی قوتابیان نمرەکان بەو شێوە بوو کە لە پاشکۆی (٩)دا هاتووە

بە مەبەستی دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان هەردووگروپدا، ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەر گروپێک ئەژمارکرا بە جێبەجێکردنی یاسایی (t–Test) و دۆزینەوەی بەهای (ت ) ئەژمارکراو وە بە بەراوردکردنی بە بەهایی خشتەیی (٠،٠٥) ئەنجامەکان بەم شێوەیە کە لە خشتەکە(٥) هاتووە.

**خشتەی ( ٥ )ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بەهای ( ت ) ئەژمارکراو و خشتەیی و ئاستی بەڵگەداری بۆ پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانەی (پێشەکی)بۆ هەردوو گروپی ئەزموونکراو و کۆنترۆڵکراو**

| کۆمەڵەی توێژینەوەکە | تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | جیاکاری | بەهای ( ت ) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵەی ئەزموونی | پێشەکی | ١٤٦,٤٣ | ١٩.٥٩ | ٣٨٣,٧٦ | ئەژمارکراو | خشتەیی | ٥٨ | بەڵگەدارنییە |
| کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | پێشەکی | ١٤٨,١٠ | ١٩,٧٠ | ٣٨٨,٠٩ | ٠,٣٢٩ | ٢.٠٠ | | |

لە خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت کە بە های ( ت ) ئەژمارکراو دەگاتە (٠،٣٢٩ ) بچوکترە لە بە هایی خشتەیی کە دەگاتە (٠٠،٢) بە نمرەی ئازادی ( ٥٨) لە ئاستی (٠،٠٥)واتا جیاوازی نییە لە نێوان نمرەکانی ئەنجامدانی پێوەری پێشەکی گروپی (ئەزموونی) و نمرەکانی ئەنجامدانی پێوەری پێشەکی گروپی (کۆنترۆڵکراو) لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی قوتابییان .

**٣– ئاستی ئەکادیمی باوکان:**

مەبەست لە ئاستی ئەکادیمی باوکانە کە ئایا خاوەنی بڕوانامەن و بڕوانامەکانیان لە چی ئاستێکدایە و یان خاوەنی هیچ بڕوانامەیەک نین.

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر چوار ئاستی بۆ ئەکادیمی باوکی قوتابی دیاری کردووە ئەوانیش ( بێ بڕوانامە، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا بۆ سەرەوە) پاشکۆی(١٠)،توێژەر لە ڕێکەوتی (١٠/١٠/٢٠٢٤)لەسەر بنەمای هاوسەنگی بۆ نمونەی توێژینەوەکە، هەردوو گروپی ئەزمونکراو و کۆنترۆڵکراو وەرگرتووە بە هاوکاری کارگێری قوتابخانە بە مەبەستی زانینی ڕادەی هاوتایی بۆ دیاری کردنی هەبوون و نەبوونی جیاوازی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپەکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ( کای سکوێر) (chi–square) و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ هەر گروپێک ئەژمارکراوە بەهای (کای سکوێر ) ی بۆ گۆڕاوەکان دۆزرایەوە هەروەک لە خشتەی (٦)دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە ( ٦ )ئەنجامی تاقیکردنەوەی کای دووجا ( کا٢ ) هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوکاندا.**

| کۆمەڵە | ژمارەی نموونەکە | بێ بڕوانامە | بنەڕەتی | ئامادەیی | پەیمانگا بۆ سەرەوە | بەهای کا٢ | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاست (٠٫٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٥ | ٨ | ٦ | ١١ | ١٢٥،٠٠ | ٨٢،٧ | ٣ | بەبێ بەڵگەی ئامارییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٥ | ٨ | ٧ | ١٠ | | | | |

ئاماژەکردن بەخشتەی (٦) دەردەکەوێت کە بەهای (کا)ی ئەژمارکراو برتییە لە (١٢٥،٠) کە کەمترە لە بەهای خشتەیی (٨٢،٧)ە، بەنمرەی ئازادی (٣)و لە ئاستی (٠،٠٥) واتا هەردوو گروپەکە هاوتان لە ئاستی بڕوانامەی باوکیان.

**٣- ئاستی ئەکادیمی دایکان :**

توێژەر چوار ئاستی بۆ ئەکادیمی دایکی قوتابی دیاری کردووە ئەوانیش ( بێ بڕوانامە، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا بۆ سەرەوە) .

**خشتەی ژمارە ( ٧ )ئەنجامی تاقیکردنەوەی کای دووجا ( کا٢ ) هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایکاندا.**

| کۆمەڵە | ژمارەی نموونەکە | بێ بڕوانامە | بنەڕەتی | ئامادەیی | پەیمانگا بۆ سەرەوە | بەهای کا٢ | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاست (٠٫٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٥ | ١٣ | ٥ | ٦ | ٢٠٢،٠٠ | ٨٢،٧ | ٣ | بەبێ بەڵگەی ئامارییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٤ | ١٣ | ٦ | ٦ | | | | |

ئاماژەکردن بەخشتەی (٧) دەردەکەوێت کە بەهای (کا)ی ئەژمارکراو برتییە لە (٢٠٢،٠) کە کەمترە لە بەهای خشتەیی (٨٢،٧)ە، بەنمرەی ئازادی (٣)و لە ئاستی (٠،٠٥) واتا هەردوو گروپ هاوتان لە ئاستی بڕوانامەی دایکان .

**٥- تاقیکردنەوەی زیرەکی:**

توێژەر تاقیکردنەوەی ( ڕاڤن)ی بەسەر هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو جێبەجێکرد ئەنجامی بەدەست هاتوو وەک لە پاشکۆی (١٢)، بۆ زانیینی ئاماژەی جیاوازی نێوان هەردوو کۆمەڵەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی **(t-test)** بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەی ئاماری لە نێوانیاندانییە،بە شێوەیەک ناوەندە ژمێری کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (٧٣،٢٩) بە لادانی پێوەری (٤١،٧)، وە ناوەندە ژمێری کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە

(٦٠،٢٨) بە لادانی پێوەری (٨،٦٠)، بەهای تائی هەژمارکراو گەیشتووە بە (٦٤٧،٠) بچووکترە لە بەهای خشتەیی کە گەیشتووە (٢،٠٠ ) لە ئاست بەڵگەی ئاماری ( ٠.٠٥) بە نمرى ئازادی (٥٨) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قوتابیانی هەردوو کۆمەڵە لە گۆڕاوی ئاستی زیرەکی هاوسەنگن . لە خشتەی ( ٩)دا دیارە .

**خشتەی ( ٨ )ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ هاوتاکردنی نمرەی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی زیرەکی**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | جیاواری | بەهای (t-test) | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاست (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٢٩,٧٣ | ٧,٤١ | ٥٤,٩٠ | ٠,٦٤٧ | ٢,٠٠ | ٥٨ | بەبێ بەڵگەی ئامارییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٢٨,٦٠ | ٦,٠٨ | ٣٦,٩٦ | | | | |

## پێنجەم : کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە نائەزمونێکان

بۆ ڕاستی و دروستی ئەزموونەکە دەبێت گرنگی بدرێت بەو گۆڕاوە نائەزموونیانە، ئەگەرنا کاردەکاتە سەر ڕاستی و دروستی ئەنجامەکە و ڕادەی گشتاندن، بۆ مەبەستی بێلایەن کردن وکارتێکردنی هەندێک فاکتەر.

## شەشەم : پێویستێکانی توێژینەوەکە

### ١.دیاریکردنی بابەتی زانستی:

توێژەر بابەتە زانستێکانی دیاریکرد، کە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەزمونەکەدا دەگوترێتەوە، توێژەر ڕاوێژ و هەمەهەنگی لەگەڵ مامۆستای بابەت کرد و سودی لە پلانی هەفتانە و ساڵانەی وەرگرت، بە پشت بەستن بە بابەتی بڕیار لەسەردراوی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، کە (١١) بابەت دیاریکرا بۆ خوێندنی ئەزمونێکە.

### ٢. داڕشتنی ئامانجەڕەفتارییەکان:

مەبەست لەو ئامانجانەیە کە بە وردی دیاریکراون و دەتوانرێت لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی قوتابیدا هەستیان پێبکرێت، بە واتاکی دی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و بەهاکانی قوتابیدا ڕوودەدەن، بۆیە دەکرێت بە ئامانجە تایبەتییەکانیش بناسرێت، لە ماوەیەکی کەمدا لە ڕەفتاری قوتابیدا دەردەکەون، داڕشتنی ئامانجە پەروەردەیەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بایەخێکی زۆری هەیە، بە جۆرێک بێ دەستنیانکردنیان لە لایەن مامۆستاوە مانایەک بۆ وانەوتنەوە نامێنێت .(ڕسول، ٢٠١٤،ل.٤٣-٤٤).

توێژەر لە داڕشتنی ئامانجەکانی ڕەچاوی پۆلێنی بلوومی لە بواری مەعریفی کردووە، کە چوار ئاست لە ئاستەکانی وەرگرتووە ئەوانش بریتین لە (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن،شیکارکردن) لەبەر گونجاوی لەگەڵ تەمەن و قوناغی خوێندنیان، کۆی هەموو

ئامانجەکان گەیشتوون بە (٥٥) ئامانجی ڕەفتاری، توێژەر ئامانجەکانی خستووتە بەردەستی ژمارەیەك لە شارەزایان پسپۆڕانی پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی و پێوانە و هەڵسەنگاندن و دەروونناسی پاشکۆی (١٣)، بۆ ئەوەی دید و بۆچوون و تێبینی خۆیانی لەسەر بلێن، خشتەی (١١) ئەمە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ( ١١ )ئامانجە ڕەفتارییەکان بەشێوەی کۆتایی بۆ بابەتەکانی ئەزمونێکە**

| ژ | بابەتەکان | بیرهاتنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | شیکارکردن | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەرستەکانی زمان | ١ | ٢ | ١ | ١ | ٥ |
| ٢ | دەنگەکانی زمان و (پیتەکانی وشە) | ١ | ٢ | ٢ | ١ | ٦ |
| ٣ | شیوەکانی وشە | ١ | ٢ | ٢ | ١ | ٦ |
| ٤ | برگەکانی پەیڤ | ١ | ١ | ٢ | ١ | ٥ |
| ٥ | جیاوازی نێوان ڕستە و گرێ | ١ | ١ | ٢ | ١ | ٥ |
| ٦ | جۆرەکانی ڕستە – یەکەم ( ڕستەی ڕاگەیاندن) | ١ | ١ | | | ٢ |
| ٧ | جۆرەکانی ڕستەی ڕاگەیاندن | | ١ | ١ | ١ | ٣ |
| ٨ | ڕستەی پرس | ١ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ |
| ٩ | ڕستەی سەرسوڕمان | ١ | ١ | ٢ | ١ | ٥ |
| ١٠ | بنچینەکانی ڕستە | ١ | ٢ | ٢ | ١ | ٦ |
| ١١ | کار | ١ | ١ | ٢ | ١ | ٥ |
| کۆی گشتی | | ١٠ | ١٧ | ١٨ | ١٠ | ٥٥ |

**حەوتەم : ئامرازی توێژینەوەکە:**

**یەکەم:تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

توێژەر نەخشەیەکی تاقیکردنەوەی ئامادەکردووە بە شێوەیەکی گشتگیر سەرجەم بابەتەکانی توێژینەوەکەی ئێستا وئامانجەڕەفتارێکانی لەخۆ دەگرێت، توێژەر پشتی بە پۆلێنکردنی بلۆم بەستووە، لە بواری مەعریفی هەریەک لە ئاستەکانی ( بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکارکردن ) ی لەخۆگرتووە، خشتەی (١٢)ئەوە ڕوون دەکاتەوە، لە پێداوستێکانی ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی هەژمارکردنی گرنگی ڕێژەییە بۆ هەربابەتێک و ژمارەی پرسیارەکان بۆ هەر بابەتێک و گرنگی ڕێژەی هەر چوار ئاستەکانی ئامانجەڕەفتارێکانە، بەڕێگای بەکارهێنانی یاسای تایبەت .

$$\text{کێشی ڕێژەیی بۆ ئامانجەکان} = \frac{\text{ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە هەر ئاستێکدا}}{\text{ژمارە هەمووی ئامانجە ڕەفتارییەکان}} \times 100$$

**کێشی ڕێژەیی بۆ هەر بابەتێك** = (ژمارەی ئامانجی هەموو بابەتێك / ژمارەی هەموو ئامانجە ڕەفتارییەکان) ×100

**ژمارەی پرسیارەکان بۆ هەر بابەتێك**= (ژماری گشتی پرسارەکان ×گرنگی ڕێژەیی ڕفتارەی ئامانجی) / 100

**ژمارەی پرسیارەکان بۆ هەر ئاستێک**= (ژماری گشتی پرسارەکان ×گرنگی ڕێژەیی بۆ هەر بابەتێک) / 100

**خشتەی ( ١٢ )نەخشەی تایبەتمەندێکان ( نەخشەی تاقیکردنەوەیی)**

| ژ | بابەتەکان | ئامانجە ڕەفتارییەکان | گرنگی ڕێژەی ناوەڕۆک | ڕێژەی سەدی بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بەپێی ئاستەکان | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بیرهاتنەوە ١٨% | تێگەیشتن ٣١% | جێبەجێکردن ٣٣% | شیکارکردن ١٨% | |
| ١ | کەرەستەکانی زمان | ٥ | %٩.٠٩ | ٠.٥ | ٠.٨ | ٠.٩ | ٠.٥ | ٢.٧ |
| ٢ | دەنگەکانی زمان و (پیتەکانی وشە) | ٦ | %١٠.٩١ | ٠.٦ | ١.٠ | ١.١ | ٠.٦ | ٣.٣ |
| ٣ | شیوەکانی وشە | ٦ | %١٠.٩١ | ٠.٦ | ١.٠ | ١.١ | ٠.٦ | ٣.٣ |
| ٤ | برگەکانی پەیڤ | ٥ | %٩.٠٩ | ٠.٥ | ٠.٨ | ٠.٩ | ٠.٥ | ٢.٧ |
| ٥ | جیاوازی نێوان ڕستە و گرێ | ٥ | %٩.٠٩ | ٠.٥ | ٠.٨ | ٠.٩ | ٠.٥ | ٢.٧ |
| ٦ | جۆرەکانی ڕستە – یەکەم ( ڕستەی ڕاگەیاندن) | ٢ | %٣.٦٤ | ٠.٢ | ٠.٣ | ٠.٤ | ٠.٢ | ١.١ |
| ٧ | جۆرەکانی ڕستەی ڕاگەیاندن | ٣ | %٥.٤٥ | ٠.٣ | ٠.٥ | ٠.٥ | ٠.٣ | ١.٦ |
| ٨ | ڕستەی پرس | ٧ | %١٢.٧٣ | ٠.٧ | ١.٢ | ١.٢ | ٠.٧ | ٣.٨ |
| ٩ | ڕستەی سەرسوڕمان | ٥ | %٩.٠٩ | ٠.٥ | ٠.٨ | ٠.٩ | ٠.٥ | ٢.٧ |
| ١٠ | بنچینەکانی ڕستە | ٦ | %١٠.٩١ | ٠.٦ | ١.٠ | ١.١ | ٠.٦ | ٣.٣ |
| ١١ | کار | ٥ | %٩.٠٩ | ٠.٥ | ٠.٨ | ٠.٩ | ٠.٥ | ٢.٧ |
| کۆی گشتی | | ٥٥ | %١٠٠ | ٥.٤ | ٩.٣ | ٩.٩ | ٥.٤ | ٣٠ |

**دووەم: تاقیکردنەوەی توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانە:**

بۆ پێوانی بیرکرنەوەی داهێنەرانە لای قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی ( ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) توێژەر زانیاری و بەسودی لە چەند تاقیکردنەوەیەکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە وەرگرتووە، ئەمەش بۆ دیزاینکردنی تاقیکردنەوەیەک بۆ پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانەی هەردوو

کۆمەڵەکە، کە ئامانجی توێژینەوەکە بهێنێتەدی لە دوای خوێندنەوەیەکی چڕ و ورد لە بابەتی پەیوەست بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بەسەرکردنەوەی چەندین نامەی ماجستێر و تێزی دکتورا کە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان وەرگرتووە و گەڕان و بەدواداچوون لە تاقیکردنەوە ستانداردە جیهانێیکان وەک تاقیکردنەوەی (برنستن و تۆرانس وجیلفۆرد و سەید خیرالله) توێژەر تاقیکردنەوەی (برنستن)ی هەڵبژارد .

**بەشی چوارەم/ خستنەڕووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان**

**گریمانەی سفری یەکەم:**

گریمانەی سفری : جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزمونی کە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیان بە پێی ستراتیژییەتی (T.T.W) دەخوێنن و جیاوازی ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا، لەدوای شیکردنەوەی داتاکان بەشێوەیەکی ئاماری لە تاقیکردنەوەی پاشینەی دەستکەوت، پاشکۆی ( ) دەرکەوت کە ناوەندە ژمێری نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتوو بە(٩٠،٢٥) بە لادانی پێوەری (١٨،٣)، هاوکات ناوەندە ژمێریی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (٤٠،٢١) بە لادانی پێوەری (٥٦،٣) بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی **(t-test)** سەربەخۆ بۆ دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەدا، دەرکەوت لەوێدا جیاوازی ببەڵگەی ئاماری لەئاستی(٠.٠٥) بەنمرەی ئازادی (٥٨)هەیە، لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی، بەهای (تی) هەژمارکراو گەیشتووە بە (١٥١،٥)، گەورەترە لە بەهای (تی) خشتەیی، کە(٠٠،٢) خشتەی (١٥ ) ئەوە ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (١٥ )ئەنجامی تاقیکردنەوەی کۆتایی دەستکەوتیی قوتابییان**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (t-test) | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاست (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٩٠،٢٥ | ١٨،٣ | | | | |
| کۆمترۆڵکراو | ٣٠ | ٤٠،٢١ | ٥٦،٣ | ١٥١،٥ | ٠٠،٢ | ٥٨ | بەڵگەدارە |

خشتەی(١٥) سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی لەتاقیکردنەوەی پاشینەی دەستکەوتدا، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بە بەکارهێنانی ستراتیژی(T.T.W) خوێندیان، بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دەردەخات، ئەوانەی هەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی خوێندیان، بەمەش گریمانەی سفری یەکەم ڕەتدەکرێتەوە، بەهۆی بوونی جیاوازی لەنمرەکانی دەستکەوتی

خوێندن لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو )دا،لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونیدایە .

**گریمانەی سفری دووەم:**

١.جیاوازی بەڵگەی ئاماری لە ئاست (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونیدا نییە، بۆ ئەو قوتابییانەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (T.T.W) دەخوێنن، و ناوەندی نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ئەو قوتابیانەی هەمان بابەت بە ڕێگایی ( ئاسایی – باو ) دەخوێنن، لە پێوەری بیکردنەوەی داهێنەرانەی بابەتی ڕێزمانی کوردیدا.

لەدوای پراکتیزەکردنی پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانەی بەسەر قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی توێژینەوەکە، دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ هەردوو کۆمەڵە دەرهێنراون و هەروەها هەژمارکردنی بە (ت) دەرکەتووە ناوەندی ژمیرەیی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشووە بە(٤٣،١٧٨) بە لادانی پێوەری (٣٢،١٩)، وە ناوەندە ژمێرەیی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (٩٦،١٤٦) بە لادانی پێوەری (٢٦،١٧)، بەهای تائی هەژمارکراوی هەردوو کۆمەڵەکە لە ئاست (٠،٠٥) گەیشتووە بە (٦٥،٦) بە نمرەی ئازادی (٥٨) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی کە گەیشتووەبە (٠٠،٢) خشتەی (١٨) ئەوە ڕوندەکاتەوە

**خشتەی(١٨)ئەنجامی تاقیکردنەوەی لە(t–test) پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵەی توێژینەوەکە | تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | جیاکاری | بەهای ( ت ) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| کۆمەڵەی ئەزمونی | پاشەکی | ١٧٨,٤٣ | ١٩,٣٢ | ٣٧٣,٢٦ | | | ٥٨ | بەڵگەدارە |
| کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو | پاشەکی | ١٤٦,٩٦ | ١٧,٢٦ | ٢٩٧,٩٠ | ٦,٦٥ | ٢,٠٠ | | |

**ڕاڤەکردنی ئەنجامەکانی پەیوەست بە گریمانەکان:**

**یەکەم : دەرئەنجامەکان**

١. بەکارهێنانی ستراتیژییەتی ( T.T.W)کاریگەری باشی هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەرەتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی .

٢. قوتابییانی قۆناخی بنەرەتی بازنەی سێیەم بە تابیەت پۆلی حەوتەم ئارەزووی خوێندن دەکەن بە بەکارهێنانی ستراتیژی و ڕێگای وانەتنەوەی نوێ لە بابەتی ڕیزمانی کوردیدا.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

١. بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (T.T.W) لە گوتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردیدا لە قوناخی حەوتەمی بنەرەتی .

٢. بەشداریکردنی مامۆستایان لە خولەکاندا بۆ ئاشنابوون لە هەنگاوەکانی ئەم ستراتیژییە و ناساندنیان بە ستراتیژییە نوێیەکانی وانەوتنەوە.

**سێیەم : پێشنیازەکان**

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشیوەی توێژینەوەکەی ئێستا بۆ قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتەکانی تری وانەی زمانی و ئەدەبی کوردیدا .

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە سەبارەت بە ستراتیژییەتی (T.T.W) لە قۆناخەکانی تری خوێندندا.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوە بە ستراتیژییەتی (T.T.W) و لەگەڵ ستراتیژییەکیتردا و بەراوردکردنیان.

٤. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە قوتابخانە ناحوکمییەکان و بەرواودکردنی بە قوتابخانە حوکمییەکان.

**سەرچاوەکان:**

بۆکانی، سابیر.(٢٠٢٠).*میتۆدی توێژینەوەی زانستی*(چ.٢). چاپخانەی خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا.

بەرزنجی، هێمن مەلا کەریم .(٢٠٢٢) .*چۆنێتی نوسینەوەی توێژینەوەی زانستی بە بەکارهینانی بەرنامەی لەیتیک*(چ.٢).چاپخانەی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

رسول، رسول ابۆاهیم .(٢٠١٤). *دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە* . دەزگای چاپ و پەخشی نارین . هەولێر.

ڕەسول و محەمەدئەمین، بابا رسول نوری و ئەمیر محەمەد .( ٢٠١٦). شێوازی گوتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی . *گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، (٥)*٣٦٥-٣٨٢.

ڕەفیق، شوانی .( ٢٠٠٨).*زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا* . چاپخانەی هانی.
ڕەفیق، شوانی .( ٢٠٠٨).*زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا* . چاپخانەی هانی.
صالح، شکر محمد .(٢٠١٨).ئامانجی فێرکاری بابەتی ڕێزمان بە نموونە (کار)لە بازنەی سێیەمی خوێندا. *گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان الإنسانیة، بەرگی*٢٢ ،(١)، ٧٢-٨٤.

كريم، ئاسۆ عبدالكريم.(٢٠١٨).ناو و جۆرەکانی ناو لە پرۆگرامی بازنەی سێیەمی خویندنی بنەرەتیدا . *گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایيەتییەکان*،بەرگی ١٣ (٢)، ٣٥١-٣٨٢.
كريم، ئاسۆ عبدالكريم.(٢٠١٨).ناو و جۆرەکانی ناو لە پرۆگرامی بازنەی سێیەمی خویندنی بنەرەتیدا . *گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایيەتییەکان*،بەرگی ١٣ (٢)، ٣٥١-٣٨٢.
محمد،سەرکەوت جمال.(٢٠٢٠).*ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەرونزانی و پەروەردەیی*.چاپی ئەلیکترۆنیpdf .

وەزارەتی پەروەردەی حوکمەتی هەرێمی کوردستان _عێراق.(٢٠٢٣).*ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان – ڕێبەری مامۆستای ڕاهێنەر* .هەولێر.

ئەبراش،ئیبراهیم ئەبراش.(٢٠١٢)،*میتودەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی*( دیدار ئەبوزێد، وەرگێر). چاپخانەی ڕۆژهەڵات.(٢٠٠٨).

أحمد، بيدا محمد.(٢٠٢٠). التفكير الإبداعي وعلاقته بالتحصيل في مادة الرياضيات. *مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية،المجلد٥٩* (١)، ١٣٨-١٦١.

ريموند، وليامز.(٢٠٠٥).*الكلمات المفاتيح*. (نعيمان عثمان، مترجم). المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.(١٩٧٦).

الشمري، زيد نزال.(٢٠١٩).*إستراتيجيات التدريس المثبتة علمياً وذات حجم تأثير في جميع مستويات –التعليم*. مكتبة زمزم الاسلامية.

فربولياتي، النساء.(٢٠٢٠).*طبيق الاستراتيجية( تفكير- تحدث - كتابة) بطريقة السمعية الشفوية لترقية مهارة الكتابة "املا المنقول" في تعليم اللغة العربيية لدى الطلاب في المدرسة الثانوية الاسلامية بمعهددار القران كوبانج، كمفار*[رسالة ماجستيرغيرمنشورة]جامعة السطان شريف قاسم.

كاملة، مصطفيه.(٢٠١٩).*فعالية استخدام إستراتيجية فكر – ناقش – اكتب في الإنشاء بمدرسة الحميدية (Think-Talk-Write) المتوسطة الإسلامية ديبوك*[رسالة ماجستيرغيرمنشورة].كلية التربية، جامعة شريف هداية الله الإسلامية الحكومية، جاكرتا.

لطفية، عناياتي.(٢٠١٢).*فعالية طريقة التفكير - الكلام - الكتابة ( TTW/Think Talk Write) في ترقية المهارات اللغوية* [رسالة ماجستيرغيرمنشورة]. كلية الدراسات العليا، جامعة مولانا مالك إبراهيم الإسلامية الحكومية، بمالانج.

مايخان،م.م.هيفا عدنان.(٢٠٢٠). أثر استراتيجية فجوة المعلومات في تحصيل طلاب الصف الأول المتوسطالمادة العلوم وذكائهم الاجتماعي. *مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية المجلد٥٩*،(١) ١-٢٢.

محمد، عبدالواحد محمود.(٢٠١٨).فاعلية أستراتيجية مقترحة على وقف التسريع المعرفي في تحصيل مادة الرياضيات والاتفكير الاستدلالي لتلاميذ الصف السادس الابتدائي وكفايتهم المعرفية المدركة. مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية،*المجلد* ٣ (٢٢٥)، ٢٥-٥٤.

نازو، هيثم حنا جورج.(٢٠١٩).أثر استراتيجية حدائق الأفكار في حل المشكلات لدي طالبات الثف الثامن الاساس في مادة الفيزياء.*مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية،المجلد*٥٨ (٣)، ٣٧٣-٤٠٢.

Hamdayama،J.(2014).*Model dan Metode Pembelajaran Kreatif dan Berkarakter.* Bogor: Ghalia Indonesia.

Huda،M.(2014).*Model-model pengajaran dan pembelajaran.* Cet.4.Yogyakarta: Pustaka Pelajar

Khairani، A.(2020*). The Implementation of Think Talk Write(TTW) Strateegr TO Improve Students Writing Skill IN Descriptive Text at eight grade students of mts negeri4 langkat year 2019/2020.* .[Unpublished master thesis] A Thesis University of North Sumatera

Subkhan، *M A.(2013).The Implementation of Think Talk Write (TTW*). [Unpublished master thesis]. UNP: Kediri.

Yuliani، N.(2016*). A Comparative Study on Think Talk Write (TTW) and Guided Writing Techniques in Teaching*[Unpublished master thesis].Surakarta.